# بنیـاتی وێنه
# له شیعری ڕۆمانتیكی كوردیدا

د.زایەر لەتیف کەریم
پرۆفیسۆری یاریدەدەر
له كۆلێجی زمان

م.عەبدولقادر محەمەد ئەمین
مامۆستای یاریدەدەر
له بەشی زمانی كوردی

## پێشەكی

****************

شیعر كۆن بێت یان تازه،له چەند وێنەیەكی جیاجیا پێكدێت كه هەموویان له خزمەتی پەیوەندییە مەعنەوی و دەروونیەكانی نێو دەقەكاندایه،كەمتەرخەمی یان شكستی یەكێك لەو وێنانه دەبێتە گرفتێكی گەوره لەبەردەم دەق و خوێنەردا.

لەم توێژینەوەیەدا دەستنیشانی چەند وێنەیەكمان كردووه وەك وێنەی تاك، وێنەی گشتی،وینەی بازنەیی، وێنەی برگەیی،وێنەی ئەفسانەیی،دواتر پراكیتیزەكردنی لەسەر شیعری رۆمانسی كوردیـدا.

## بنیاتی وێنەی تاك:

پێویسته ئەركی هەر (وێنەیەك له ئەزموونه شیعری یەكەدا لەپێناووێنەی گشتی دا بێت و وێنەكان لەگەڵ هەست وبیری گشتی دەقەكەداهاوسۆزین [1] ، چونكه دەقی شیعری تازه ،جۆره ئۆرگانیزمییەكی تێدایه وپەیوەندی نێوان وێنەكان ،پەیوەندییەكیمەعنەوی و دەروونی یه ،دەقەكەش له چەند وێنەیەك پێكهاتووه واته (وێنەی تاك پەیوەندییەكیتایبەتی هەیه لە گەڵ وێنەكانی سیاقی گشتی دەقەكه ) [2] دا،لێرەدا بۆ پێكهێنانی بنیاتی وێنەی تاك ئامازه بۆ ئەم بنیاتانه ئەكەین:

بنیاتی وێنەی تاك بەهۆی ئاڵوگۆڕی هەستەوەرەكانەوه .
بنیاتی وێنەی تاك بەهۆی ئاڵوگۆڕی درك پێكراو ( المدركات )
بنیاتی وێنەی تاك به ڕێگای لێكچوون و وەسفی ڕاستەوخۆوه

## بنیاتی وێنەی تاك بەهۆی ئاڵوگۆڕی هەستەوەرەكانەوە [٣] :

ئاڵوگۆڕكردنی ئەرك وسفاتیهەستەوەرەكان ،هۆكارێكە بۆ پێكهێنانیوێنەی تاك ،كە لە شیعری نویدا بە ڕوونی و ئاشكرا دیارە ، واتە بەهۆی گۆڕینی ئەرك وسفاتی یەكێ لە هەستەوەرەكان بۆ یەكێكی تر ، بۆ نمونەئەركی هەستەوەری چاو بدرێتە گوێ و ئەو پەردەیەدەشكێنرێ كە زمان دروستی كردووە لە نێوانیاندا ،هەروەك چۆن "دیلان " لە دەقی شیعری " نێرگس" دا ئەركی وشەی "ڕوانین" ی داوەتە"دەم" ، و ئەڵێ:

وەك كۆمەڵە ئاڵتونێكی
زاخاو دراوە
دەمی زەردت
ئەڕوانێتە بریقەی بەرد ......![٤]

لێرەدا شاعیر وشەی "ئەڕوانێتە "كە ئەرك وسفەتیهەستەوەری چاوە ، ڕۆشنبیری و بیر تیژی شاعر وای كردووە كە ئەو ئاڵوگۆڕە بكات ، كەپێچەوانەی یاسای زمانییە ،واتە بنیاتی وێنەكانی لە سەربنچینەی ئاڵوگۆڕكردن دروست كردووە و وێنەیەكی شیعری تاكی ئاڕاستە كردووین ، یان ئەوەتا شاعیر وشەی "تروسكەی دوور" لە دەقی (ڕێگای خەبات "دا كە ئەرك وسفەتی هەستەوەری چاوە و گۆڕیویەتی بۆ ئەندامێكیتری جەستەی مرۆڤ و لەڕێگەی بنیاتی ئاڵوگۆڕەوە وێنەی شیعری لێ ڕخساندووە و ئەڵێ:

تاڵە دەزووی تروسكەی دوور
تروسكەی دوور
لە قاچی نەرمی ئەئاڵێ
ئەئاڵی
ئەی برد بۆ قوژبن و چاڵێ..! [٥]

شاعیر زیاتر قوڵ ئەبێتەوە و ئەچێتە ناو ناخی وێنەكانەوە و توانای پێكهێنانی وێنەكان زیاد ئەكات و زیاتر دەچن بە ناو یەكتر دا ،هەردوو حاڵەتی بەرجەستەكردن و ئاڵوگۆڕ لە بنیاتی وێنەی گشتی دا بە شداری دەكات و وێنە لەناودڵی وێنە دا دروست دەبێت ، هەر وەك لە ئاراسەكردنی وێنە گشتیەكەدا ئەڵێ( لە تینوانا ئەخنكێ، چاویچارە) شاعیر كەسیەتی داوە بە وشەی "چارە "وسیفاتی مرۆڤیداوەتێ، بەلام لەوێنەی دووەمدا،لە سەر بنچینەی ئاڵوگۆڕ بنیاتی وێنەكەی پێكهێناوە ، ئەویش بە وشەی "تینوو" كە ئەرك و سفەتی

،هەستەوەری ،"چێژە"وگۆڕیویەتی بۆ هەستەوەری "چاو" هەر وەك لە دەقی (بەستەی بێدەرەتان ) دا ،کە وێنەیەکیگۆرانیمرۆڤە بێدەرەتانەکانە وئەڵێ:

نە چڵ دیارە ..

نە بێخی

دەستی بەرمێ ... !

لە تینوانا ئەخنکێ

چاوی چارە.........(٦)

"لەتیف هەڵمەت "یش لە ڕێگای ئاڵوگۆڕی ئەرك وسیفەتی هەستەوەرەکانەوە ،توانیویەتی بنیاتی وێنەکان پێك بهێنێ، کە بە ئاشکرا لە سیاقی ڕستەکان دا دەردەکەوێت،شاعیر وشەی "تاڵ"ی لە سیاقیڕستەی "بشێ بۆنی تاڵی دوو کەڵ" دا هاوکێشەی پێ کردوەوە و ئەرکی داوە بە هەستەوەری "بۆن" کە خودی وشەکە سەر بە هەستەوەری "چێژە" بە هۆی دۆخی دەروونی شاعیرەوە ، ئەو پەیوەندی یە ئاساییەی تێپەڕاندووە ، کە لە نێوان زمان هەستەوەریەکاندا هەیە و بنیاتی وێنەکەی ڕەخساندووە و ئەڵێ:

من دووبارە

گڕبەردەدەم لە جەنگەڵە کرمنە کەی

ئەم هەوارە

بشێ بۆنی تاڵی دووکەڵ

نەزرێنێ خەوی خۆش

خەوتووەکانی ئائەم شارە ...؟ (٧)

## بنیاتیوێنەی تاك بەهۆی ئاڵوگۆڕی درك پێکراو (٨) :

### ا-بەرجەستەکردن :

پێك دێت بەهۆی بەرجەستەبوونی وشەی ناهەستی (معنوی) ،کەدەگوێزرێتەوە بۆ وشەیەکی هەستی وسفاتی تازەی ئەدرێتێ ، هەروەك چۆن "بێکەس " لەدەقی شیعری "داری ئازادی" دا وێنەیەکیتەواوی هەست پێکراومان لە وشەی "ئازادی" ئەداتێ وبنیاتی وێنەکەی لێ سازداوە ، ئەویش وێنەی "داری ئازادی " یە وەك هێمایەك بۆ سەربەخۆیی ئاماژەی بۆ کردووە وئەڵێ :

داری ئازادی بەخوێن ئاو نەدرێ قەت بەرناگرێ
سەربەخۆیی بێ فیداکاری ئەبەد سەرناگرێ
پیاو ئەبێ بۆ سەندنی حەققی لەمردن سڵ نەکا
هەر بڕوخێ بەس نییە ، تاکو نەسەنرێ نادرێ..(٩)

دوابەدوای ئەمیش "لەتیف هەڵمەت " یش لەدەقی شیعری خەوەکەی لالە سەرحەد)دا ، بۆ بنیاتی وێنەکانی وشەکانی" هۆنراوە ، ئەندێشە ، ئەوین "ی بەرجەستەکردووە ، وسفاتی تازەی پێبەخشیون و ئەڵێ :

منیش ئەو شاعیرە شێتەم
کەلمی هەموو ڕشەباکان
چەمی هۆنراوەم لیخن ناکات و
پەڕو باڵی سیمرخی ئەندێشەم
هەوری شەستە بارانی ئەوینم
لەئاسمانی چاوەکانت دوور ناخاتەوەو ...(١٠)

یاخود ئەوەتا "کامەران موکری " لەدەقی شیعری "تینوومە" دا بەگشتی دەقەکە لەچەند وێنەیەکی تاك پێکهاتووە و بنیاتی وێنە گشتییەکەیان لەسیاقی گشتی دا دەرهێناوە و بەرێژەیەکی ئۆرگانیزمی بەیەکەوە بەستراون و وشە ناهەستییەکان بۆ بەرجەستەبوون ، هەروەك لەوێنەکانی(هەورەکەی ژیان ، پووشی نائومێدی دڵ ، شۆڕشی لیتاو ،قەڵاکەی سەختی دەروون ، ژاڵەی پەژارە ) دا پیشانی داون و لە خودی دەقەکەشدا ئەڵێ :

ئەمڕۆ تینوومە .............
زۆرم تینووە ، هەروەك بیابان
لمی سووتاوم ، تاسەی تاساوم ،
<u>تینوون ، بۆ نەختێك دڵۆپی باران</u>
سادەی هەورەکەی ژیان ، بارانێ
ڕامالێت پۆشی نائومێدی دڵ ـ خەندە و گریانێ
شۆڕشی لێشاو
با هەستێ بەتاو
بۆ سەر قەڵاکەی سەختی ،دەروون ،
سزاو نەبوونی.........

دەرهێنیٚ لەبێخ ژاڵەی پەژارە ، ژیانم تاڵە
ئەمڕۆ تینوومە هەروەك بیابان ......... (١١)

## ( ب )کەسێتی :

لەڕێگەی کەسێتی‌یەوە بنیاتی وێنەکان پێك دێن و شاعیر سفاتی مرۆڤیان پیٚدەبەخشیٚ ووەك مرۆڤێك مامەڵەیان لەگەڵدا ئەکات ، هەروەك " شێرکۆبێکەس "لەدەقی شیعری "خۆر نشین ) دا ، کەچەند وێنەیەکی لە خۆ گرتووە و دەقێکی بازنەیی‌یە و لەوێنەکانی وەك ، ئەی خۆرنشین ، دڵۆپ ،دڵۆپ ئەتکێمە سەر خۆرنشین ، بەرجەستەبوونیانی ڕاگەیاندووە و کەسێتی تەواوی پیٚبەخشیون وئەڵیٚ :

خۆرنشین .
ئێوارەم و
دڵۆپ
دڵۆپ
ئەتکێمە سەر خۆرنشینی
غەریبی خۆم ..
ئەی خۆرنشین !
مەڕۆ ! چونکە
تاسبەینیٚ
هەتا ئێوارە دێتەوە
بەشوێن تۆدا وشەکانم
یەك
یەك
ئەگرین
ئەی خۆرنشین ! (١٢)

هەروەها"گۆران"یش وێنە لە دڵی وێنەدا دەرئەهێنیٚو کەسێتیان ئەداتیٚو مرۆڤانە مامەڵەیان لەگەڵدا ئەکات،هەر وەك لەدەقی شیعری"هەوری پایز"دا ،کەچۆن وێنەی هەوری‌بارشت"بەسەر سنگی چیادا چۆکی داداوە،لەدڵی وێنەکەدا وێنەی "سنگی‌چیا"ی

دەرهێناوە و سفاتی تایبەتی پێبەخشیوە و دەقەکەشی بە گشتی لە چەند وێنەی وەك"بابەخورپبگری،بەکولْ بگری،گولْ بگری"پێکهاتووە و ئەڵێ:

لە دەریاوە قەتاری هەوری بارەشت کەوتە دووی پێشەنگ و
بەسەر سنگی چیادا چۆکیداداوە،کش و بێ دەنگ ........
بەسەر پایزی زەردا بابەخورپبگری،بەکولْ بگری،
بەسەر ئاخر گەلاْ،ئاخر چڵی تەنیایی گولْ بگری!
بەسەر داری گەلاْ زەردا،بەسەر پووشا،بەسەردرکا... (١٣)

هەروەها"دیلان"یش لەدەقی"شێخ محمودی زیندوو" و "نێرگس"دا چاو و گوێ وپرچ و ڕوومەت بە وێنەکان ئەداو ئەڵێ:

بەرانان دیارە قورگت گیراوە
چاوت لیخنی خورپی گریانە
سەرت چەپۆکی کۆچی بێوادەی
شێخ خولی داوە ستیفغانە
بەلاْم بەرانان گوێم لێراگرە (١٤)

لە دەقی شیعری"نێرگز"یشدا ،پرچ و چاو و ڕوومەتی داوە بە نێرگز و وێنەکانی ئاراستە کردووین و ئەڵێ:

ئەی پرچ پەڕەی سپیو نەرم
ڕوومەت بلوور
چاو .....سەر چاوەی مەستی و شەرم
بریسکەی دێ..... (١٥)

## بنیاتی وێنەی تاك لە ڕێگەی لێکچون و وەسفی ڕاستەوخۆوە :

زۆر لە شاعیران لە ڕێگای وەسفی ڕاستە وخۆ و لێکچوون بە هەموو جۆرەکانی یەوە زۆرترین وێنەی تاك ئەڕەخسێنن بە تایبەتی لە لایەن ئەو شاعیرانەی کە زیاتر وشەی زمانە ئاساییەکەیان کردووە تە بناغەی زمانی شیعریی بۆیە "ستیفن مالارمیە" باوەڕی وایە ( کە شیعر لە وشەکان پێك دێت نەك لە بیروبۆچوون) (١٦)

"گۆران"یش یەکێکە لەو شاعیرانەی کە زۆرینەی وێنەکانی لەو جۆرە زمانە و بنیاتەن ولەم وەسفە ڕاستە خۆیەدا و لە سیاقی ڕستەکاندا وێنەی جۆربەجۆری پێك هێناوەو لەدەقی شیعری (درزی پەچەوە ) بەرامبەر ئافرەت ئەڵێ :

دەست وپەنجەو ، مەچکێك و ، نیگایەك ...
(چی بنووسم ؟ خوایە هێزی ئینشایەك)
قۆڵ و مەچەك ساف و سپی وەك شووشە ،
سەرپەنجەکان یاقووتێك بوون بە ورشە ،
بێینە سەر چاو : چاوێك ... بڵێم چ چاوێك ؟
کانی سیحر ، دەریای عشوە ، گێژداوێك ،...(۱۷)

لەگەڵ ئەوەشدا شاعیر لەڕێگەی لێکچوونەوە زەمینەی وێنەکانی فراوان کردووە و هەموو جۆرەکانی گرتۆتەوە و وەك هۆکارێك بۆ وێنەکانی ئامادەی کردوون و زۆرجاریش چەند لێکچونێك کۆبۆتەوەو ئەڵێ :

وەك شێر نرکانی،وەك ئاگر هەڵچوو
زنجیری پچڕان ، لەزیندان دەرچوو ..(۱۸)

"بەختیار زێوەر" یش لەدەقی شیعری (سکاڵای دڵ بۆ ئەستێرەیەکی هاوڕێم ) لەڕیگای لێکچوونەوە وێنەی تاکی بنیاتناوەو ئەڵێ :

ئەی ئەستێرەی پرشنگدار
ڕێنیشاندەری ڕێبوار
ئەی هاوڕێکەی شەوگارم
من پەست و شەو بێدارم ...(۱۹)

## -بنیاتی وێنەی گشتی :

(هەموو ئەزموونێکی شیعری بە دەرنی یە لەرەگەزە جیاوازەکانی بیر و ئەندێشە و سۆز،کە هەریەکەیان تایبتمەندی خۆی هەیە) (۲۰) ، واتە وردی و تێبینی لە بیرو بۆ چوونەکانی شاعیر ئەزموون پێك دێنی و دەیانخاتە چوار چێوەیەکی تایبەتی و کێش و قافیە و ئاوازی پێدەبەخشێ،چونکە(ئەوەی کە شاعیر دەری ئەبڕێ جۆرە بەربەرەکانی یەکی خودی یە،یا ئەوەتا دۆخێکی دەروونی یە،یان نواندنێکە بۆ هەڵوێستێکی مرۆڤایەتی) (۲۱)،هەروەها هەموو

دەقێکی شیعری تازە شێوەیك لە ئۆرگانیزمی لە خۆ گرتووەو،چۆن لە بەشی پێشوودا باسی ئەوەمان کرد،کە پێویستە وێنەکان لە ئەزموونەکەدا بەگشتی یەکگرتوو وبەیەکدا چووبن،لەبەر ئەوەی(کاتێ شاعیر لەیەك وێنەدا یان شیعرێکی چەند وێنەی جیاجیای لێك گرێداویان تێك هەڵکێش لەچوارچێوەیەکی گەورەدا نیشانمان بدات دیارە لە زۆر ڕووەوە چڵەوێنەکانی لێکداون وبوون بەچەپکێك)[٢٢]،تا لە گەڵ هەست وبیری ئەزموونەکەدا یەك بگرنەوەوجیهانبینی دەق ئاشکرابێ،چونکە لەمیانەی ئۆرگانیزی دەقداوێنەکان یەکگرتوو دەبن،لە گەڵ ئەوەشدا ئەبێ بزانین کە(وێنەی تاك بناغەو بنچینەی وێنە گشتی یەکەیە و پێویستە پەیوەست بێت بەهەستی گشتی دەقەکەوە و لە گەڵیا هاودەم بێت)[٢٣]،چونکە هەتا زیاتر ئەو پەیوەندیە چڕبێتەوەلە نێوان سیاقی ئەزموون وێنەکەدا ئەبێتەهۆی(کرداری داڕژان وتیشك ئامێزو دەرخستنێکی بێ سنوری ئەبێت )[٢٤]، لەبەر ئەوە ئێمە زیاتر بۆبنیاتیوێنەی گشتی دەگەڕێنەوە بۆ شێوەی ئۆرگانیزمی دەق بۆ پێکهێنانی وێنەی گشتی ، دەتوانین لەم ڕووەوە ئەم بنیاتانە ئاماژە پێ بکەین :

- *بنیاتی بازنەیی*
- *بنیاتی بڕگەیی*
- *بنیاتی ئەفسانەیی*

## بنیاتی بازنەیی:

مەبەست لەبنیاتی بازنەیی ( دەست پێکردنی دەق بە هەڵوێستێك یاخود دۆخێکی دەروونی و لەکۆتایشدا بگەڕێتەوە سەر هەمان هەڵوێست لە دەق دا ، یاخود شاعیر پەنا دەباتە بەر دووبارە بوونەوەی یەکەم دێڕو ناوەڕۆکی دەق )[٢٥] ، دەقەکە بەگشتی ڕووداوێکە لەشێوەی بازنەییدایەو لەچەند وێنەیەك پێکهاتووە و جۆرە پەیوەندیەکی تایبەتی لەنێوانیاندا هەیە و شێوەیەکی یەکگرتوو و هاو ئاوازیان لەخۆگرتووە ، بەدەوری یەك ناوەڕۆکدا دەسوڕێنەوە و دەچنەوە یەکەم خاڵی دەست پێکردن و لەپێناو وێنەی سەرەکیدان ، "دیلان " لەدەقی "کەی " دا خودی خۆی بە جۆرێکی دیالێکتیکی لەگەڵ ڕەگەزەکانی سروشتدا کەوتۆتە بەربەرەکانی و پرسیاری تیازەق کردۆتەوە ، لەپێناو کێشەیەکی ڕامیاری دا جەخت دەکاو ئەڵێ :

ئەی هەنسك وسۆزی بلوێر
کەی بێ من ... تێر
قوم بدەم لەو "گوێ " شەتاوە
دەم بخەمە دەمی چاوە...؟

دەست بکەمە ملی چیا
وەك شەونمی سەر سەوزەگیا
وەکو هەنگی سەر هەلاڵە
سەر بکەمە سەر گولاڵە
سنگی نێرگس هەڵبمژم
کەمەری "تاڤگە" بگوشم ...؟
ئەزانی کەی ... ئەزانی کەی ؟
هەناو ودڵ ئەڵێ ئۆخەی ...؟
کە ئازاد بوو نیشتمانم
بەهارەکەی کوردستانم
گەشە بۆ من بۆ چاوی کوێر
ئەی هەنسك و سۆزی بلوێر ! (٢٦)

شاعیر لەقۆناغی یەکەمدا لەبەربەرەکانی و پرسیارکردنایە لەگەڵ ڕەگەزەکانی سروشت ، دیالێکتیکیانە وێنەکان ئەجوڵێنێ و دەلالەتی تازەیان ئەداتێ ، لەپێناو دابین کردنی وێنەی سەرەکیدان و ڕووەیەکی ئۆرگانیزمیان وەرگرتووەو کرداری کەسێتی لەوێنەکاندا بەئاکام گەیشتووە وەك ( دەمی چاوە ، ملی چیا ، سنگی نێرگز ، کەمەری تاڤگە ) دا بەرجەستەبوون هەروەها لەم پرۆسەیەدا وێنەکان لەناویەك ناوەرۆکدا دێن و دەچن و لەپێناو وێنەی گشتی داکارئەکەن، دەقەکە بە وێنەیەکی کێشەی نەتەوایەتی ئەکاتەوەو دووبارە دەگەڕێتەوە سەر دێڕی یەکەم لەدەقداو ئەڵێ :

کەی ئازادبوو نیشتمانم
بەهارەکەی کوردستانم
گەشە بۆ من بۆچاوی کوێر
ئەی هەنسك و سۆزی بلوێر.

## -بنیاتی بڕگەیی :

شاعیرانی ڕۆمانتیکی کوردی،هەر وەك هەموو شاعیرانی عەرەبی و ئەورووپی،بنیاتی دەقە شیعری یەکانیان بە بنیاتی بڕگەیی پێکهێناوە و پێشبڕکێ ی گۆڕانی بنیاتی دەقیان کردوەو هاوچەرخانە مامەڵەیان لە گەڵدا کردووەو بنیاتی"بڕگەیی"یان لە دەقەکاندا

ڕەچاوکردووەو ئەوەتا" گۆران " بنیاتی دەقی "بەستەی دڵدار "ی لە چەند برگەیەکی شیعریی پێکهێناوە و شێوەیەکی ئەندازەیی لە خۆگرتووەولەگەڵ برگە بنچینەیی یەکەدا :

نە لە شارو نە لە دێ

نەمدی کەس

وەك تۆ جوان بێ!

تۆیت و بەس

بە درێژایی دەقەکە بەشێك لەم بنیاتە دووبارە ئەبێتەوە و ئەبێتە بنچینەی بنیاتی گشتی دەق، بەشەکانی تری برگەکان لە گەڵ بەشێك لەم بنیاتە گەشە ئەکەن و یەکگرتوویی دەقیش دەپارێزن بە هۆی دووبارە بوونەوەی بنیاتیئەو برگەیە،واتە (شێوازی ئەم بنیاتە بەچەند یەکییەکی جۆربەجۆر لە ناو یەکی یەکی تەواوی دەروونی و مەنتیقی و ئۆرگانیزمی دا بنیاتی وێنەی گشتی پێك دەهێنن)[٢٧]،

شاعیر لە پێناویەکگرتوویی دەقدا هەوڵی داوە کە دێڕی "تۆیت وبەس" ی سێ برگەیی، شەش جار لەسەر ئاستی گشتی هەر حەوت برگەکە بەکارهێناوە، هەروەها دێڕەکانی "نەمدی کەس" و "وەك تۆ جوان بێ" کەسێ برگەیی و چوار برگەیین، سێ جار لەسەر گشتی دەق بەکارهاتوون، بەڵام دێڕە حەوت برگەیەکەی "نە لە شارو نە لەدێ" لە سەرەتاو کۆتایی دەقدا هاتووە، کە هەموو دووبارە بوونەوەیەك جۆرە جوانی یەك وئاوازێکی تایبەتی بەدەق بەخشیوەو لە ڕووی بنیاتیشەوە، دەقەکە بۆتە یەکەیەکی یەکگرتوو سەربەخۆ،

بەگشتی دەق ئەزوومونێکی شیعری ڕۆمانتیکی یە،بە بنیاتێکی زمانی کورت ودەربڕینیجۆربەجۆری کارامەوبە بنیاتێکی تری برگەیی هاوچەرخانەی رومانتیکی، کۆمەڵێ وێنەی خود-سروشت- ئافرەت، بەهۆی دووبارەبوونەوەی بنیاتی برگەیی و بە ناوەڕۆکێکی ئۆرگانیزمی بەرجەستە کردووە، وێنە تاکەکانیش لە پێناو زامن کردنی وێنەی گشتی دان، لە لایەکی تریشەوە پەیوەندیەکانی ناوەوەی دەق هێمای ناکۆکیەکانی دەروونی خودی لە ئامێز گرتووەو دەیەوێت لە ڕێگای ئافرەتەوە سەختی ژیان ئاسان بکات، لێرەدا دەقەکە دەخەینە بەرچاو:

## "بەستەی دڵدار"

لەژێر ئاسمانی شینا،

لە پاڵ لوتکەی بەفرینا،

کوردستان گەڕام،

دۆڵاو دۆڵ پێوام؛

نە لەشارو نە لەدێ:

نەمدی کەس

وەك تۆ جوان بێ !

تۆیت و بەس

کچە کوردێك دڵ پێی شادبێ

وەك فریشتەو پەریزاد بێ!

***

نە باریکی، نە گۆشتن،

نە کچۆڵەی نە شاژن،

نە زۆر چاوڕەشی

نە ئێجگار گەشی

بەڵام بە نیگای شیرین:

نەمدی کەس

وەك تۆ بەتین..

تۆیت و بەس!

لێت بێ بزەی مانگە شەوی

بەژنی ڕێك و ڕەوتی کەوی !

***

لەو ڕۆژەوە تۆم دیوە

عەشقێك لە دڵ چەسپیوە !

ساتێ دوور بی لێم ،

گڕ بەرئەبێ تێم !

کە دەست لە یەخەت گیر نابێ!

لە لای کەس

دڵ ژیر نابێ؛

تۆیت وبەس

پەنای هیواو خەو بینینم،

ئاواتی گیانی شیرینم!

***

ئەوساکە تۆم نەدیبوو،

ژینم تاڵی و ترشی بوو؛

بێ شادی وئارام،

بێ هیواو ناکام،

ئەژیام: ژینی سەر سەری؛
نەمبوو کەس
بۆ ڕابەری؛
تۆیت و بەس
ڕێگای هیوا نیشان دەرم،
سەختیی ژیان ئاسان کەرم!

***

ئەی گەورە کچی (زەووس)!
خوشکە جوانەکەی ڤینوس!
تۆ ئەپەرستم،
بۆیە وامەستم،
بۆ ئاینم ئەگەڕێ
هەندێ کەس؛
باجاڕ بدرێ:
تۆیت و بەس

***

قیبلەی ئایین و باوەڕم،
خوای بەهەشتی دڵی تەڕم!
وەك سەرەڕۆی شوێن ئامانج،
نەزازا ما نە کرمانج،
گەڕام کوردستان،
گەرمیان و کوێستان:
نە لەشارو نەلەدێ،
نەمدی کەس
وەك تۆ جوان بێ؛
تۆیت و بەس
کچە کوردێك وەك گوڵ وابێ،
کوردستانی پێ ئاوابێ!..[٢٨]

## -بنیاتی ئەفسانەیی :

شاعیرانیهاوچەرخ بۆ بەدیهێنانیوێنەی شیعریی،هێمائەفسانەییەکانیان وەك هۆکارێك بنیاتی وێنەکانیان پێ ڕەخساندوون و ڕوویەکی (هونەری وەدەروونی و سیاسی وشارەستانی)(٢٩) یان پێ بەخشیوون، لە هەمان کاتیشدا پەیوەندییەکی ئۆرگانیزمی ئەدەن بە دەق و بەرگری لە تێکچوونی واتا دەکەن، شاعیر ە کاتی مامەڵە کردنی هێما ئەفسانەیی یەکاندا، لە سیاقی ڕستەدا دەیان گونجێنێ و بەهایەکی تایبەتی و دەلالەتی نوێیان پێ دەبەخشێ و بەرەو پێکهێنانی گوتاری ئەبات چونکە (شیعری تازە لەسەر بنچینەی گوتارە)(٣٠)، لێکۆڵینەوەو ڕاڤە کردنیشیان هەروەك (نور پراب فرای)، کە یەکێکە لە ڕەخنە گرانی ئەفسانە دەڵێت (دۆزینەوەی پەیوەندی یەکانی ئەفسانەو شیعر، ئەو توانایە دێنێتە دی، کە ڕەخنەی ئەدەبی بگۆڕێ بە زانستێکی ڕاستەقینە) (٣١)، زوربەی شاعیرە تازەکانی کوردیش،وێنەکانیان لە ئەفسانە کۆنەکان پێکهێناوەو بە هێمای جۆر بە جۆرومەدلولی جیاواز و بە سیاقی تازە ڕەخساندوویانن، هەروەك چۆن "دیلان" لە دەقی "نەورۆز"دا دەیەوێت باس لە ئازایەتی و جەربەزەیی ڕۆڵەکانی میللەتەکەی بکات و جێگە وپایەی بەرزیان بداتێ، مەدلولی تایبەتی داوە بە "کاوە"ی قارەمان وبە هێمای سەرکەوتنی دائەنێ و ئەو پەیوەندی یەی سازاندووە کە لە نێوان ئەفسانەو ژیانی ڕاستەقینەدا هەیە و وێنەی "کاوە"ی قارەمانی ئاڕاستە کردووین و ئەڵێ:

ئاورێ... لە چەکوش بە شان
لە کاوەی قارەمان
کە سنگی کردەووە
گەلی لە پشتەوە
گرەوی بردەوە..(٣٢)

هەروەها "گۆران"یش پەنای بردووەتە بەر ئەفسانەی "درنج" و مەدلولی تاریکی و تارمایی و چەوساندنەوەی داوە بە هەموو ئەوانەی، کە لە فەرمانی (ماك ئارسەر) دا داماویان بەسەر گەلی "کۆریا" دا هێناوە ، لەڕووی هونەریشەوە شاعیر بنیاتی دەقەکەی لەوهێما ئەفسانەیی یە پێکهێناوە و لەئاراستەیەکی تازەی گونجاودا وێنەکەمان پێشکەش ئەکاو ئەڵێ :

ئازادی خواز ! گری ...گری..
کەوتەژێر پێ درنج ،پەری
کۆریای ئازاد : سەرانسەری
دیسانەوە بۆ (سینگمان ڕی)

*زۆر لەدەقـە شـیعریەکانی گـۆران بـە هێمـای ئەفسـانەیی جـۆر بـەجۆر و بەمەبەستیجیاواز بنیاتی وێنەکانی ئەنجامداوە ، هەروەك لەدەقەکانی (دیاری خوای شەڕ ، دوا سـرنج ...، لـە بەندیخانـە ،زیندانـی ئـەژدەهاك ) دا ئامـاژەی بـەو هێمـا ئەفسانەییانەکۆنانەکردووەو سیفاتی تازەی پێداون .

تەخت و تاراجی تێك درا
لەفەرمانی (ماك ئارسەر ) !
ماك ئارسەری خوای سینگمان ڕی ...
ئازادخواز !گری ...گری... ...(٣٣)

لەهەمان کاتدا "پیرەمێرد" * یش لەدەقی شیعری"سۆزی پیرەمێرد"دا بنیاتی وێنەکانی لەڕێگەی هێمای ئەفسانەییەوەسازدراوە ، بەتایبەتی ئەو هێمایانەی کەلای زۆربەی میللەتانی ڕۆژهەلات ناسراو و باون ، هەروەك ئەڵێ :

مەجنون هیچ نەبێ لەیل دڵخوازی بوو
لەمنداڵیشدا لەیل هامرازی بوو
فەرهاد بەتەفرەی شیرینی بەدناو
هەر لەخۆیەوە پێی خۆی خستەداو (٣٤)

*لەگەڵ ئەوەشدا "پیرەمێرد " لەدەقی (ئێمەکەکوردین) دا ئەڵێ :

ئێمەکەکوردین لامان وایە
زوبانی کوردی زۆر بێ هاوتایە
لاوکی کوردی دەنگی زەبوورە
جنە المأوی لەشارەزوورە

پێکهێنانی بنیاتی وێنەی تاك لەڕێگەی هێمای ئەفسانەییەوە ، شێرکۆ بێکەس ، هەوڵی ئەوەیداوە ، کەزۆربەی دەقە شیعرییەکانی لەم ڕێگەیەوە بەرەوپێشەوە بردووەو هەر لەم ڕوانگەیەشەوە ڕوانیویەتە جیهانبینی شیعرەکانی ولەدەقی شیعری ،پیاو،دائەڵێ :

کێبێ...کێبێ ؟
سواری ئەسپە شێکەی خۆی بێ
لەئاوزەنگی تێ تەقێنێ
کێ بوێرێ ؟
دڕ بەتاریکی و بەترسی
ئەژدەهاکی تازە بدات ؟! (٣٥)

یاخودلەدەقەکانی تری وەك (پەندی پێشنیان) ، (مامە خەمە) ، (کوردی ڕەوان ) و زۆریتریش ، ڕوویەکی تازەولەئاستێکی بەرزدا وێنەکانی بێئارایشت کردوون ،هەر لەهەمان دەقدا ،شێرکۆ * دوو وێنەی ئەفسانەییمان ئەداتێ و هێمایەکن بۆ تاوان وخیانەت کردن لەناو میللەتدا و بنیاتی وێنەکانی ئاڕاستەکردووین و ئەڵێ .

مەرگەوەڕێك ، زیندووبۆوەو
دەستی گول کوژانی ،گۆشی
"مەلای خەتێ" یەك هاتەوەو
بەپێی پەتی وسەری قوتی
سەرکەوتەوە سەر منارە !!

*شاعیر لائەکاتەوەبەلای "برایمۆك"دا و وەك هێمایەکی ئەفسانەیی بەکاری دەهێنێو بنیاتی وێنەیەکەی لێسازئەداو بڕگەی دەقەکەش بەوێنەی " عەشقەکەی برایمۆك "کەمەدلولی خۆشەویستی پێداوەو لەپێناو بەئاکام گەیشتنی ئەرکی وێنەکەدا ، ئەڵێ :

چ کرێوەی حکایەتێ بەم ناوەختە و
لەئاویلکەی ئەم ڕۆژەدا
وەك عەشقەکەی برایمۆك
پێدەشت پێدەشت وکۆبەکۆ
بەڕێگەی مەرگی سپیدا
ئەمخاتەڕێ بەرەو لای تۆ....

# ئه نجام

بەگشتی تویژینەوەکەمان سەبارەت بەبنیاتی وینەی شیعری لەقۆناغی ڕۆمانێکی کوردیدا خۆی لەم خالأنەی خوارەوەدا دەنوینیّ.

١. زمانی شیعری شاعیرانی قۆناغی ڕۆمانتیکی کوردی هۆ کاریکی کاریگەر بوو بۆ بەئاکام گەیاندن وگۆڕینی ئەرك وسفەتی هەستە وەرەکان.

٢. بەرجەستە کردن و کەسێتی پیبەخشینی وێنەکان لە سیا قی گشتی دەقە ئۆرگانیزمیەکاندایە.

٣. زمانی ئاسایی زەمینەی بناغەو بنچینەی فراوانکردنی وێنەکانە، بەتایبەتی لەوەسفی ڕاستەوخۆو لیکچووندا لە بنیاتی دەقەکاندا.

٤. بنیاتی بازنەیی لەشێوەی ڕووداویکی یەکگرتوو بەمەبەستی هەلوێست و دۆخیکی دەروونیە لەوێنەی سەرەکیدا.

٥. بەکاربردنی بنیاتی برگەیی هاوچەرخانەی رۆمانتیکی بۆبەدیهینان و پاراستنی پتەوی و یەکگرتوویی دە قەکانە.

٦. بەخشینی ڕوویەکی هونەری و دەروونی و سیاسی و شارستانی بە بنیاتی دەقەکان لەریگای هیمای ئەفسانەییەوە بووە.

## پەراوێزەکان

١. النقد الادبي الحديث : ٤٤٧
٢. دراسة نقدية تحليلية : ٤
٣. هەمان سەرچاوە :٤
٤. ديوانى شيعر :٢٢٥
٥. هەمان سەرچاوە:١٥١
٦. هەمان سەرچاوە:٣٧٠
٧. ديوانى لەتيف هەڵمەت :٣٩٦
٨. دراسة نقدية تحليلية :٧
٩. ديوانى بێكەس :٣٢
١٠. ديوانى لەتيف هەڵمەت :٣١٤
١١. ديوانى كامەران :٦٥
١٢. ديوانى شێركۆ بێكەس :٥١٩
١٣. ديوانى گۆران :١٦٥
١٤. ديوانى شيعر :١٩٤
١٥. هەمان سەرچاوە:٢٢٥
١٦. الشعرو التجربة :٢٣
١٧. ديوانى گۆران :٣٥
١٨. هەمان سەرچاوە:١٨٧
١٩. كاروانى شيعرى نوێى كوردى :٩٢
٢٠. النقد الادبي الحديث:٣٨٥
٢١. هەمان سەرچاوە:٣٨٤
٢٢. پاشكۆى عيراق ژمارە ٩٥ ،١٩٨٩/٧/٢٦
٢٣. دراسة نقدية تحليلية :١٠
٢٤. جدلية الخفاء والتجلي :٤٥
٢٥. دراسة نقدية تحليلية :١٠
٢٦. ديوانى شيعر :٢٥٩

٢٧. دراسة نقدية تحليلية :١٢

٢٨. ديوانى گۆران :٢٨

٢٩. دراسة نقدية تحليلية :١٥

٣٠. في بنية الشعر العربي المعاصر :١٤٧

٣١. في نظرية الادب :١٥٩

٣٢. ديوانى شيعر :٩١

٣٣. ديوانى گۆران :٢٣٦

٣٤. پيرەمێردى نەمر : ٢٢٤

٣٥. ديوانى شيعرى شێركۆ بێ كەس : ١٣٨

## سەرچاوەكان

### يەكەم /كتيبەكان

#### ا- عەرەبيەكان


- س.م.بورا:التجربة الخلاقة،ت،سلاقة حجاوى منشورات وزارة الاعام،سلسلةالكتب المترجمة (٣١)دار الحرية للطباعة بغداد-١٩٧٧م
- شكرى عزيز الماضى(د) فى نضرية الادب، دار الحداثة للطباعة و النشر و التوزيع ش.م.م لبنان-بيروت١٩٨٥
- ضاهرلطيف كريم(د) دراسة نقدية تحليلية ،يوسف الخال وبنية الصورة الشعرية ط.بلا
- كمال ابوديب.فى الشعرية،.م. م،بيروت-لبنان١٩٨٧.
- محمد غنيمىهلال،(د) النقد الأدبي الحديث ط.بلا،دار النهضة مصر،للطباعة و النشر الفجالة -القاهرة
- محمد مندور (د) الأدب ومذاهبه دار النهضة مصر للطبع والنشر.الفجالة-القاهرة
- محمد لطفى اليوسفى، في بنية الشعر العربى المعاصر ط،بلا،سراس للنشر١٩٨٥

## ب - کورد ییەکان

- حمە حمەامین قادر،کاکەی فەلاح،کاروانیشیعرینوێی کوردی،بەرگی یەکەم،چاپی دووەم،لە چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین لەچاپ دراوە،١٩٨٢
- عیزەدین مستەفا رەسول (د) ئەدەبیاتی کوردی، مطبعة التعلیم العالی –١٩٩٠

## دووەم/دیوانەکان

- بیکەس، حەمەی مەلاکەریم رێکی خستووە، چاپی دووەم، لەسەر ئەرکی کاك(فەهمی قەفتان) لە چاپ دراوە، چاپخانەی حیدری.
- شێرکۆ بێکەس،ستۆکهۆلم،١٩٩٠.
- کامەران موکری، پێشەکی و نووسین و پەراوێزەکان عبداللە عزیزخالد،گ/ئەمینداریی گشتی رۆشنبیری ولاوان ١٩٩٨.
- گۆران، سەرجەمی بەرهەمی گۆران، بەرگی یەکەم /محمەدی مەلاکەریم کۆیکردۆتەوەو پێشەکی وپەراوێزی بۆ نووسیوە ، چاپخانەی کۆری زانیاری عێراق–بەغداد– ١٩٨٠ .
- لەتیف هەڵمەت،دیوانی لەتیف هەڵمەت،چاپی یەکەم سالی ١٩٩٩ .
- محمد صالح دیلان–دیوانی شیعر، ئامادەکردن ولێکۆڵینەوەو پێشەکیو پەراوێزنووسین، عبداللە عزیز خالد، لە چاپکراوەکانی ئەمینداریتی گشتی رۆشنبیری و لاوانی ناوچەی کوردستان–١٩٨٧.

## گۆڤارو رۆژنامەکان:

- محسن ئاوارە، وێنەی شیعرو جۆرەکانی،پاشکۆیعیراق ژمارە(٩٥) ١٩٨٩/٧/٢٦.

## کورتەی باسەکە

هەروەك لە پێشەکی یەکەدا ئاماژەمان پێداوە کەهەموو دەقیك کۆن یان تازە،سەرجەمی ڕێبازێکی ئەدەبی بێت، لەچەند بازنەو وینەیەك پێك دێت کەهەریەکەیان،خۆی بۆخۆی،مانایەك یان مەوقیفیك دەبەخشێت و گرێدانی لەگەل بازنەکان و وینەکانی تردا ماناکە زیاتر قوڵتر دەکاتەوە..

بۆ ئەم مەبەستە دەق پەنادەباتە بەر وینەیتاك وتاکیش دابەش کراوە بەسەر ئاڵوگۆڕی هەستەوەرەکانەوە (درکپێکراوەکان) ولێکچون و وەسفی ڕاستەوخۆوە. وینەی گشتی کەئەمیش دابەش کراوە بەسەربنیاتی بازنەیی وبنیاتی برگەیی وبنیاتی ئەفسانەییدا. نموونەش بۆئەم بابەت وکەرەستەیەلەشێوەی پراکتیکدا لەشیعری رۆمانتیکی کوردیدایە.



## ملخص البحث

ان النص،قديما أم حديثاً،يتكون من مجموعة الصور،كل واحدة بمفردها تعطى معناً خاصاً وبارتباطها مع الصور الأخرى سيزيد المعنى وعندئذ سيكون النص اكثرجمالاً وقوة..

١. الصورة المفردة(المدركات الحسية وتبادل الحواس والتشبيه والوصف المباشر)
٢. الصورة الكلية(البناء التاثري، ،البناء المقطعي، البناء الأسطوري، وان النصوص الشعرية الرومانسية الكردية هي مجال التطبيق في هذا البحث..



## Summary

Any text consists of a number of images, each one gives a special meaning and when connected together they give more meanings , thus the text becomes more beautiful and effective .

This Research depends on:

A singal image (sensuous perceptions, Which deals with senses, Simili and direct description).

The absolute image (circular structure, logical structure and mythical structure.

The romantic Kurdish poetic texts are applicable scopes in this research.